# land fill

# شوێنی داپۆشینی خۆڵ و خاشاك بەشێوەیەکی تەندروست

## سەرەتا

زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کۆمەڵێك کێشەی زۆری لە دوای خۆیدا بەجێهێشتووە کە کاریگەریترینیان ئەو کێشانەن کە ڕووبەڕوی ژینگە بوونەتەوە , وە بوەتە مەترسیەکی زۆر بۆ ئەمڕۆ و داهاتوی مرۆڤایەتی , وەلەو کێشانەش پیس بوونی زەوی ( ئاو, خاك, هەوا ) کە هۆکارەکانیشی زیاتر بەهۆی ئەو پاشەڕۆیانەوەیە کە ڕۆژانە بەرهەم دەهێنرێن و فرێ دەدرێنە ناو ئاو و خاك و هەواوە وەك پیس بوونی هەوا بەهۆی گازەکانی دوەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ وە گازی میسان ئەوانی دیکە وە پیس بوونی ئاو وە خاك بە هۆی خۆڵ و خاشاك و ئاوەڕۆ و ە وە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە یەکێك لە گەورەترین ئەو ململانێیەی کە مرۆڤایەتی دەیکات لەگەڵ دەرەنجامەکانی زۆربوونی دانیشتوان چارەسەرکردنی ئەو پاشەڕۆیانەیە کە خۆی بەرهەمی دێنێت کە بەشێکی زۆر لەوانە پاشەرۆی ڕەقە واتا خۆڵ و خاشاك , کە چارەسەرکردنی پێویستی بە یارمەتی خەڵکی و بەڕێوەبردنی حکومەتەوە هەیە , وەك دەزانین ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بە هۆی باشتر بوونی بژێوی و چڕ تر بوونی شارەکان و کەمی هۆشیاری ژینگەیی لای خەڵك بووەتە هۆکارێك بۆ زیادبوونی بڕی خاشاك وە چارەسەر نەکردنی بەشێوەیەکی زانستیانە هەڕەشە دەکاتە سەر ژینگە و بووەتە هۆی پیس بوونی خاك و ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی و هەوا وە چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك پێویستی بە چەند هەنگاوێك هەیە کە خۆی لە چۆنیەتی فڕێدانی خاشاك و کۆکردنەوەو چارەسەر کردن و لە کۆتایدا دا پۆشین دەبینێتەوە.کە توێژینەوەکەی من لەسەر ئەوەی دواییانە واتا دا پۆشینی تەندروست

## land fill

پێشەکی دەمەوێت بە کورتی هەندێك باسی چارەسەرکردنی خاشاك بکەم لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا نەمسا وەك نمونە یەکەم لەبەر ئەوەی کە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە گرنگیەکی زۆر بە ژینگە دەدات دووەم لەبەر ئەوەی خولێکی راهێنانم لەو وڵاتە بینی سەبارەت بە چارەسەرکردنی خاشاکی ڕەق بەشێوەیەکی زانستیانە.

بەشێوەیەکی گشتی لەو وڵاتە خاشاك لە سەرچاوەکەیەوە جیا دەکرێتەوە واتا لە ماڵان و لە کارگەکان و بازاڕ و شوێنە گشتیەکان و هتد شوشە و کارتۆن و کانزا و پلاستیك بە جیا کۆدەکرێنەوە و دەگواسرێنەوە و پاشان لە کارگەی تایبەت دووبارە بەکاردەهێنرێنەوە و واتا recycling وە ئەو پاشماوانەشی کە دەمێنێتەوە دەسوتێنرێن و دەرەنجامی سوتانەکەش بەرهەم هێنانی وزەیە وە ئەوەشی کە دەمێنێتەوە هەروەها ئەو پاشەڕۆیانەی کە هیچ سودێکیان لێ نابینرێت

به شێوەیەکی زانستیانە دادەپۆشرێتland fill وە پاشەڕۆی ڕوەکیش بەکاردهێنرێت بۆ دروست کردنی پەینی ئەندامی , وە پاشماوەی نەخۆشخانەکان و پاشماوە ترسناکەکانی تر چارەسەرکردنی تایبەتیان هەیەو تێکەڵ بە خاشاکی ئاسایی ناکرێن و شێوازی تایبەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنیان

## land fill

بریتیە لەو شوێنەی کە دادەمەزرێت بە شێوەیەکی ئەندازەیی بە ئامانجی داپۆشینی خاشاك تیایداوە بە پێی بنچینە پێوانەییەکان کەوا ژینگە بپارێزێت و هیچ زیانێکی نێگەتیڤیانەی نەبێت .

خۆڵ و خاشاك : بریتیە لەو کەرەستە بەکارهاتوانە یان ڕەت کراوانە یان هەر کەرەستەیەکی تری لەکارکەوتو کەوا پێویست بکات فڕێ بدرێت لەبەر نەبوونی هیچ پێویستیەك پێی .وە دەکرێتە دوو جۆر مەترسیدار و بێمەترسی.

بەشێوەیەکی گشتی land fill وا دروست دەکرێت کە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بهێنێتە دی :

١- پاراستنی ئاوی ژێر زەوی .
٢- شوێنی کەمکرنەوە و بلاْوبونەوەی ئاو بۆ خوارەوە.
٣- شوێنی کۆکردنەوە .
٤- سیستەمی کۆکردنەوەی سیاناوی خاشاك.
٥- کەم کردنەوەی سیاناو.
٦- سیستەمی کۆنترۆڵ کردنی گازە دەرپەڕیوەکان .

پێداویستیەکانی داپۆشین.

١-چاودێری کردنی ژینگە .
٢-شێوە و بەکارهێنانی کۆتایی.
٣- پلانی وازهێنان.

ئایا چی شوێنێك گونجاوە بۆ دروست کردنی land fill ؟

١- لانی کەم ٢ کم دووربێت لە ڕێگای سەرەکی.
٢- نابێت ماوەی نێوان land fill و شوێنی دروست بوونی خاشاك لە ماوەی ئابوریانەی گواستنەوە بە ئامێرەکانی گواستنەوە trucks زیاتر بێت.
٣- نابێت بکەوێتە ناوچەی لافاوەوە.
٤- سروشتی ڕووی شوێنەکە نابێت زۆر لێژ بێت.
٥- ڕێگر نەبێت لە گەشەکردنی داهاتووی شار.

٦- نابێت شوێنێك بەكاربهێنرێت كەوا گە نجینەیەكی گەورەی ئاوی ژێر زەوی water storage بێت یان وەك شوێنێك بۆ كۆكردنەوەی ئاو بەكاربهێنرێت.

٧- نابێت لە شوێنێكی قەدەغەكراوی سەربازی بێت.

٨- نابێت بە هیچ شێوەیەك لە ٢٠٠ م كەمتر بێت لە ناوچەی نیشتەجێبوون( ئەم دووریەش دەگۆڕێت بە پێی بارودۆخی سیاسی و جیۆلۆجی و كۆمەلأیەتی ).

٩- لانی كەم دەبێت ٥ كم دووربێت لە مەدرەجی فڕۆكەخانە.

١٠- نابێت شوێنێك بێت كە پێشتر گۆڕەپانی چالاكی سەربازی بوبێت.

١١- ئەو شوێنە نابێت زەویەكەی توشی ڕۆچون بێت.

١٢- هەروەها وا باشترە ئەو شوێنە گڵەكەی جۆری كلەی بێت و ئاستی ئاوی ژێر زەوی نزم بێت و( ١٠ م یان زیاتر ) دووربێت لە شوێنی ئاودانی كشتوكاڵی و شوێنی ئاوخواردنەوەی ئاژەڵ و نابێت هێڵی گواستنەوەی كارەبا و ئاوی لێبێت و نابێت ناوچەیەكی شوێنەوار بێت .یان ناوچەیەكی چالاكی بومەلەرزە بێت.

## هێڵكاری گشتی

١-حاجز جيولوجي
٢-بطانة أساس غير نفاذة
٣-طبقة التصريف
٤-نظام جمع سائل الرشيح
٥-قناة تصريف مياه الامطار
٦-سدود حدودية

٧-طرق داائرية

٨-جسم المدفن
٩-الملء والدمك فى طبقات
١٠-نظام تجميع الغاز
١١نظام الغطاء الحاجز
١٢ماسورة الغاز
١٣المراقبة والتحكم بالمياه الجوفية
١٤إعادة الزرع



## ڕەگەزە گرنگەکانی دیزاینی land fill ئەمانەیە:

١-شوێنی تێست کردن و وەرگرتن و کێشانە کردن.

٢-جۆری خاشاك و بڕەکەی.

٣-مواسەفاتی خاشاك.

٤-خاشاکی پەسەندکراو و خاشاکی پەسەند نەکراو.

٥-کەمترین ئاستی مواسەفاتی هونەری land fill.

٦- پێکهاتەکانی دا پۆشین( سیستەمی جیاکردنەوە,کۆکردنەوە و چارەسەری ئاوی سیاناو leach ate ,کۆکردنەوە و خۆ ڕزگارکردن لە گازە دەرپەڕیوەکان ).

٧- پێداویستیەکانی داخستن و چاودێری کردنی دوای داخستن.

**کەمترین ئاستی ژێرخانی land fill**

١-ڕێگای گەیشتن توانای بەکارهێنانی هەبێت لە هەموو بارودۆخێکی کەش و هەوادا.

٢-سیاجێکی تەواو بۆ ڕێگە گرتن لەو کەسانەی مۆڵەتیان پیْ نەدراوە.

٣-دەروازەی چونە ژورەوە و ژوری پاسەوان و , قە پانی بارهەڵگر و گە نجینەیەك و شوێنی پارکینگ بۆ بارهەڵگر و ئۆتۆمبیلەکان.

٤-دامەزراوە تەندروستیەکان و فریاکەوتنی سەرەتایی و ئاگرکوژێنەرەوە.

٥-ڕوناك کردنەوە و گەیاندن.

٦-جیاکرنەوەی ژێر و تەنیشت land fill و دا پۆشینی کۆتایی.

٧- ئەگەر بکرێت بەکارهێنانی گڵی هەڵکەندراوی land fill بۆ دا پۆشین.

٨-سیستەمی بەریوەبردنی ئاوی باران و سیاناوی خاشاك و گازە دەرپەڕیوەکان.

**هێڵكاری گشتی :**

**١-چینی ژێرەوە كە چینێكی جیۆلۆجیە و رێگا بە تێپەڕبوونی كەمترین ئاو دەدات كە دابەزێتە خوارەوە(**

**٢-ڕوپۆشی ژێرەوە كە لە چینێكی دەستكرد پێكهاتوە وە ڕێگە لە تێپەڕبوونی ئاو دەگرێت لە گوزەر كردن بەرەو چینەكانی خوارەوە.**

**٣-چینی ئاوڕێژ ( طبقة التصريف ) : ئەو چینەیە كە سیاناوی خاشاك و ئاوی باراناو لە ژێرەوەدا كۆدەكاتەوە و دەكرێتە دەرەوە بۆ چارەسەركردنی.**

**٤-سیستەمی كۆكردنەوەی سیاناو.**

**٥-كەناڵی ئاوڕێژ كردنی ئاوی باران.**

**٦-دیواربەندی چوار دەوری** land fill

**٧-ڕێگا بە چوار دەوری** land fill

**٨-بۆدی** land fill

**٩- پڕكردنەوەی خاشاك و كوتانەوەی بەشێوەی چین.**

**١٠-سیستەمی كۆكردنەوەی گازە ئەندامیەكان.**

**١١-سیستەمی ڕوپۆشی سەرەوە كە بۆ ڕێگە گرتن لە ئاوی باراناو بۆ ناو خاشاكەكە.**

**١٢-بۆری بۆ كۆكردنەوەی گازە دەرپەڕیوەكان.**

**١٣-چاودێری كردن و كۆنترۆڵ كردنی ئاوی ژێرزەوی .**

**١٤-دوبارە سەوزكردنەوە**

**ئیش پێكردنی** land fill

**١-بڕیارە بنچینەییەكان**

**٢- پرەنسیپە گشتیەكانی ئیشپێكردن**

**٣-كەمترین ئاستی مواصفاتی پەسەند كراوی ئیش پێكردن ئەمانەیە :**

**٣-١-كۆنترۆڵ كردنی چونە ژورەوەی خاشاك.**

**٣-٢-دانان و فەرش كردن و كوتانەوەی خاشاك**

**٣-٣ دا پۆشینی رۆژانە بە گڵ**

**٣-٤ دا پۆشینی ناوەندی و کۆتایی**

**٣-٥ ئامێرە میکانیکیەکان**

**٣-٦-بەڕێوەبردنی ئاوی سەرزەوی**

**٣-٧ کۆنترۆڵ کردنی ئاگرکەوتنەوە**

**٣-٨ کۆنترۆڵ کردنی مێروەکان**

**٣-٩- کۆنترۆڵ کردنی ئەو پارچانەی کە بەهۆی رەشەباوە بلاّودەبنەوە**

**٣-١٠-کۆنترۆڵ کردنی سیاناو**

**٣-١١- کۆنترۆڵ کردنی گازەکان**

**٣-١٢- پاراستنی تۆمارەکان**

**٣-١٣- کۆنترۆڵ کردنی پاك کردنەوە**

**٤- چاکسازی**

**٥-مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوە قورسەکان**

**٦- پوختە**

**تەمەن** land fill :

**تەمەنی هەر شوێنێك پەیوەستە بە کاپاسیتی ( قەبارە ) و بڕی خاشاکی داپۆشراو ڕۆژانە , چەند کاپاسیتی زیاد بێت ئەوەندەش تەمەنی زیاد دەبێت بە پێچەوانەوە زۆر بوونی بڕی خۆڵ و خاشاکی ڕۆژانە تەمەنی شوێنەکەی پێ کەم دەبێتەوە, وە بۆ زیادکردنی کاپاسیتی هەرشوێنێك پێویستی بە زیاتر کوتانەوە هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین بڕی خاشاك لە کەمترین قەبارەدا جێی بکرێتەوە . وە باشترین ڕێگەش بۆ کەمکردنەوەی بڕی خۆڵ و خاشاك ئەمانەیە"**

١- **کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی خاشاك لە سەرچاوەکەیەوە کە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە هۆشیاری دانیشتوان و سیاسەتی ژینگەیی حکومەتەوە هەیەز**
٢- **جیاکردنەوەی خاشاك لە سەرچاوەکەیەوە** decreasing in source **وە بە پێی پێکهاتەکانی وەك شوشە و پلاستیك و کانزا و کارتۆن و ئامێرە کارەباییە لەکارکەوتوەکان و پاشماوەی چێشتخانەکان و ...هتد**
٣- **دووبارە بەکارهێنانەوەی خاشاك** re cycling **بە تایبەتی پلاستیك و کارتۆن و شوشە و کانزا هەروەها دروست کردنی پەینی ئەندامی لە پاشماوە ڕوەکی و کشتوکاڵیەکانز**
٤- **سود وەرگرتن لەو وزە شاراوەیەی کە لە خاشاکدا هەیە بەتایبەتی پاشماوە ئەندامیەکان ئەویش بەسوتاندنی لە ویستگەی تایبەت و سود وەرگرتن لەو وزە گەرمیەی کە لەو سوتاندنەدا دەردەپەڕێت**

یان گۆڕینی ئەو گەرمیە بۆ وزەی کارەبایی ( وە فبلترەیشنی دوکەڵەکەی پێش دەرچوونی لە دوکەڵکێشەکانەوە ) وە دا پۆشینی ئەو پاشماوانەی کە هیچ سودێکی نیە یان وزەیەکی کەمی تیادایە

**داخستنی land fill:**

پاش ئەوەی توانای land fill نامێنێت بۆ وەرگرتنی خۆڵ و خاشاك و تەمەنی تەواو دەبێت ئەوا دەبێت بە شێوەیەکی ئەندازەیی و زانستی دا بخرێت کە ئەویش پێویستی بە چەند پرۆسیجەرێکە کە هەندێکیان یەکسەر دەست پێدەکات و هەندێکیان پێویستە بۆ سالآنێکی زۆر بەردەوام بێت .

**ئامانجەکانی داخستنی land fill:**

- کەم کردنەوەی پالآوتنی ئاوی باراناو بۆ ناو land fill بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو ئاوەی کە لەناویدایە.
- کەمکردنەوەی بەریەککەوتنی نێوان مرۆڤ و زیندەوەران لەگەڵ خاشاکدا.
- کەمکردنەوەی کاریگەری داهاتووی خاشاك لەسەر مرۆڤ و ژینگە.
- کەمکردنەوەی خورانەوە (تقلیل التآکل )
- پێدانی ڕوویەکی جوان بە شوێنەکە
- سنوردارکردنی مەترسیە ژینگەییەکان
- ئەگەر لە توانادا بێت بەکارهێنانی زەویەکە پاش داخستنی شوێنەکە.

**پرۆسەی داخستن :**

١- قۆناغی پێش پلاندانان:

- دیاری کردنی تۆپۆگرافی کۆتایی شوێنەکە
- ئامادەکردنی پلانی ئاوڕێژی شوێنەکە
- دیاری کردنی سەرچاوەی کەرەسەی دا پۆشینی کۆتایی
- سەوزکردنی دا پۆشەری کۆتایی
- دیاری کردنی زنجیرەی پرۆسەی داخستن

٢- قۆناغی ٣ مانگ پێش داخستن

- چاوپێخشاندنەوە بە پلانی داخستن
- بە خشتە کردنی کاتی داخستن

- ئامادەكردنی خشتەیەكی زەمەنی كۆتایی بۆ داخستن
- ئاگاداركردنەوەی دەستەی تایبەت بە خۆڵ و خاشاك و بەكارهێنەرانی

٣- لەكاتی داخستندا :

- دانانی سیاج بۆ قەدەغەكردنی چونە ناوەوە بۆ ئەو شوێنە
- دانانی هێمای پێویست
- پاك كردنەوەی شوێنەكە
- دا پۆشینی هەر خاشاكێكی دانە پۆشراو

٤-سێ مانگ پاش داخستن :

- تەواوكردنی سیستەمی كۆنترۆڵ كردنی ئاوڕێژی شوێنەكە
-تەواوكردنی سیستەمی گازە دەرپەڕیوەكان
-دانانی چینێكی پێویست لە گڵ بۆ دا پۆشینی كۆتایی
-سەوزكردنی شوێنە دا پۆشراوەكە

لە كۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم كە land fill باس كردنی بەم چەند لا پەڕەیە زۆر زۆر كەمەو دیزاین كردن و ڕاڤە كردنی پێویستی بە چەندین بەرنامەی كۆمپیوتەری و پەرتوك و سی دی و ڤیدیۆی و چەندین خولی ڕاهێنانی دور و درێژ هەیە ئەوەی كە من باسم كرد تەنها كورتەیەك بوو دەربارەی ئەم جۆرە پرۆژەیەو هیوادارم لە داهاتودا بتوانم هەقی زیاتری بدەمێ و بە درێژیتر باسی بكەم.




وێنەی کۆمپاکتەرێك بۆ کوتاندنەوەی خاشاك

## سەرچاوەکان :


١-خولی ڕاهێنانی چارەسەرکردنی خاشاك لە ڤیەنا-ئایاری ٢٠١١

٢-التدريب على اعمال تأهيل المكبات وتصميم المدافن الصحية-كيمونيكس مصر للاستثمارات-يونيو٢٠١١

٣- منظمة الامم المتحدة للطفولة-اليونسيف-المخطط العام للادارة المتكاملة للمخلفات الصلبة-ورشة العمل-مارس ٢٠١١